# ئەو کارانەی کە دەبێت لە کاتی تووشیاربوون بە کێشەکانی پێوەندیدار بە ARC جێبەجێیان بکەن

ئاپریلی 2010

Kurdish Sorani

کارتی تۆمارکردنی داواکاری یان "ARC"، بەڵگەیەکی گرنگە. ئەم کارتە پیشاندەری پێشکەش کردنی داواکاریی پەنابەری لەلایەن ئێوەیە، و تایبەتمەندیە تاکەکەسیەکان و وێنەی ئێوەی تێدایە. ئەم کارتە بەتەنیا تایبەتی ئێوەیە. ARC، بەڵگەی شوناسی ئێوەیە و بەوە دەتوانن یارمەتی نەختی وەزارەتی ناوخۆ لە یەکێک لە نووسینگە دیاریکراوەکانی پۆستە، وەرگرن.

ئەم نامیلکەیە بۆ ئێوەی روون دەکاتەوە کە ئەگەر ARC کار نەکات یان وون ببێت یان بدزرێت، دەبێت چ کارێک بکەن و ئێمە چۆن دەتوانین لەم بوارەدا یارمەتی ئێوە بدەین.

**لە کاتی کار نەکردنی ARC دا من لە نووسینگەی پۆستە و لەبۆ وەرگرتنی یارمەتی نەخت، دەبێت چ کارێک بکەم؟**

ئەگەر بە هەر هۆیەک (ARC)یەکەی ئێوە کار نەکات، پەڕاوەیەک (بەڵگەیەک) لە کارگێڕی نووسینگەی پۆستە وەرگرن و تێکۆشن لە کاتێکی تردا دیسان لە کارتەکەی خۆتان کەڵک وەرگرن. پێویستە لە نووسینگەی پۆستە داوا بکەن کە کارکردنی کارتەکەی ئێوە دیسان تاقی بکاتەوە. ئێوە دەتوانن دواتر هەر لەو رۆژە یان رۆژێکی تردا، دیسان کارتەکەی خۆتان تاقی بکەنەوە. ئەگەر دیسان کارتەکەتان قبووڵ نەکرا، حەتمەن پەڕاوەی دووەم لە نووسینگەی پۆستە وەرگرن.

پاش وەرگرتنی دووەمین پەڕاوە (بەڵگە) دەتوانن بە هێنانی پەڕاوەکانی خۆتان سەردانی نووسینگەی ئێمە بکەن تاکو ئێمە بتوانین بە راگەیاندنی کێشەکەی ئێوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ، یارمەتی ئێوە بدەین. پێویستە کە هەردوو پەڕاوەکەی خۆتان لەگەڵ بێت لەبەر ئەوەی کە وەزارەتی ناوخۆ پێویستی بە بەڵگەیەک هەیە کە بسەلمێنێت ئێوە بۆ وەرگرتنی یارمەتی نەختی خۆتان لە دوو کاتی جیاوازدا دەست بەکار بوون بەڵام دەرەنجامێکی نەبووە. تکایە تا دەکرێت پەڕاوەکان هەر لەو حەفتەدا لەگەڵ خۆ بهێنن. *ئەگەر لە نێوان کاتی سەرهەڵدانی کێشە و راپۆرت کردنی ئەوە بەتەنیا حەوتەیەک مەودا بکەوێت، وەزارەتی ناوخۆ ئەو پارەیەی کە لەدەستتان داوە ناداتەوە.*

**لە کاتی وون بوون یان دزینی ARC دا، دەبێت چ کارێک بکرێت؟**

ئەگەر ARCی خۆتان وون کرد یان ئەگەر کەسێکی تر ئەوە بدزێت، ئێوە دەبێت پێش پەیوەندی کردن لەگەڵ ئێمە سەرەتا پۆلیس لە بابەتەکە ئاگادار بکەنەوە. ئێوە دەبێت راپۆرتەکەی پۆلیس لەگەڵ ئەو زانیاریانەی خوارەوە وەرگرن:

- ژمارەی رفرێنسی تاوان کە لەلایەن وێستگەی پۆلیسەوە پێشکەش دەکرێت (ئەگەر پێشکەشتان کراوە)؛
- ناو یان ژمارەی فەرمانگەی پۆلیس کە راپۆرتەکەی ئێوەی تۆمار کردووە؛ و
- ناوی ئەو وێستگەیەی پۆلیس کە راپۆرتەکەی خۆتان پێشکەشی ئەوێ کردووە.

Scottish Refugee Council, 5 Cadogan Square, (170 Blythswood Court), Glasgow G2 7PH Tel: 0141 248 9799, Fax: 0141 243 2499,
www.scottishrefugeecouncil.org.uk
ئەنجومەنی پەنابەری سکۆتلەند، دامەزراوەیەکی خێرخوازە کە لە سکۆتلەندا تۆمار کراوە.
دامەزراوەی خێرخوازی تۆمارکراو: SC008639

به ژمارەی 2000 532 0141 پۆلیسی Strathclyde ئاگادار بکەنەوە تاکو ئەوان بابەتەکە بۆ پۆلیسی خۆجێیی رابگەیەنن و بەمجۆرە دۆسیەیەک بۆ راپۆرتەکەی ئێوە پێکبێت.

پاشان ئێوە دەتوانن بە هێنانی ئەم راپۆرتە سەردانی نووسینگەی ئێمە بکەن تاکو یارمەتیتان بدەین کە پۆلیس لە بابەتی وون بوون یان دزینەکە ئاگادار بکەنەوە. تکایە سەرنج بدەن کە دەرچوونی یەک ARCی نوێ رەنگە چەندین حەوتە بخایەنێت. لەو ماوەیەدا کە چاوەڕوانی دەرچوونی کارتی نوێن، ئێمە دەتوانین لە وەزارەتی ناوخۆ داوا بکەین کە تۆکێنەکانی (کۆپێن یان ژێتۆن) یارمەتی فریاکەوتنی بۆ ئێوە بنێرێت. ئەم تۆکێنانە لەلایەن شەریکەیەکی هێنانی شتە نێردراوەکان بە ناوی DX بۆ ناونیشانەکەی ئێوە دەنێردرێت.

**ئەگەر بە بۆنەی خەواندنی من لە نەخۆشخانەدا، بەکارهێنانی یارمەتی نەخت بۆی نەبێت، دەبێت چ کارێک بکرێت؟**

ئەگەر کەوتبێتنە نەخۆشخانە و بۆتان نەکرێ سەردانی نووسینگەی پۆست بکەن بۆ وەرگرتنی یارمەتی نەختی بە کەڵک وەرگرتن لە ARC، لە یارمەتیدەری کۆمەڵایەتی، ئەگەر هەبێت، یان پەرستار بتانەوێت پەیوەندیمان پێوە بکات تاکو ئێمە بتوانین بابەتەکە دەستبەجێ بۆ وەزارەتی ناوخۆ رابگەیەنین. پێویستە کە ئەم کارە لە زووترین کاتدا جێبەجێ بکەن تاکو وەزارەتی ناوخۆ لە بارودۆخی ئێوە ئاگادار ببێتەوە. ئێوە دەتوانن بە **ژمارە تەلەفۆنی بەخۆڕایی 6087 085 0800** پەیوەندی بکەن و لەگەڵ فەرمانبەری تایبەتی دۆسیەکەی خۆتان قسە بکەن. سەرنج بدەن کە تەلەفۆنی بەخۆڕایی ئێمە بەتەنیا لە ڕێگای تەلەفۆنە نەگۆڕەکانەوە لە بەردەست دایە.

ئەگەر ئەو بوارەمان بۆ نەڕەخسێنن کە گۆڕانکاری لە هەلومەرجی ئێوەدا بۆ وەزارەتی ناوخۆ رابگەیەنین، رەنگە یارمەتیەکانی ئێوە ببچرێت؛ وەرگرتنی یارمەتی نەختی ناکرێت بخرێتە دواوە و ئیمکانی وەرگرتنی ئەوە لە کاتێکی تردا نییە.

**من دەمهەوێت بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی کاتی لێخوڕینی ئوتومبیل (سایەقی) دەست بەکار بم. داخوا دەتوانم ARCی خۆم وەکو بەڵگەی شوناسی خۆم بۆ ئاژەنسی دەرکردنی بڕوانامەی لێخوڕین و ئامێری هاتوچۆ (DVLA) بنێرم؟**
ARC ی خۆتان وەکو بەشێک لە داوانامەی خۆتان لەبۆ وەرگرتنی بڕوانامەی لێخوڕینی کاتی بۆ DVLA **مەنێرن.** ئێوە بە ARCی خۆتان بۆ وەرگرتنی یارمەتی نەختی لە نووسینگەی پۆست، پێویستتان دەبێت. بە بێ ئەم کارتە، ئیمکانی وەرگرتنی هیچ پارەیەک بۆ ئێوە نابێت.

لە بەرواری 25ی مارسی 2010ەوە، ئەگەر لە بەریتانیادا داواکاری پەنابەریتان پێشکەش کردبێت و هێشتاکو مۆڵەتی نیشتەجێ بوونی خۆتان **وەرنەگرتبێت**، ئیتر ناتوانن بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی لێخوڕینی بەریتانیا دەست بەکار بن.

بە پێی گۆڕانکاریەکانی ئەم دواییانەی جێبەجێ کراو لە یاسا حکومەتیەکاندا، بەتەنیا ئەو کەسانەی کە بە جۆری مۆڵەتی نیشتەجێ بوون لە بەریتانیایان **بۆ ماوەی لانیکەم 185 رۆژ** وەرگرتبێت، مەرجەکانی پێشکەش کردنی داواکاری بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی لێخوڕینی بەریتانیایان هەیە.

ئەم گۆڕانکاریانە، ئەو کەسانەی کە پێش بەرواری 25ی مارسی 2010 بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی لێخوڕینی بەریتانیا دەست بەکار بوون، لەبەر ناگرێت.